# ئەدەبی بەراورد لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمدا

**پ.د.فازیل مجید مەحمود پ.د محمد دلێر امین محمد**
**زانکۆی سلێمانی**
**بەشی کوردی**

**پێشەکی :**

ئەدەبی بەراورد لە ناو زانستەکانی ئەدەبدا زانستێکی نوێ یە ، دەکەوێتە دوای زانستەکانی مێژووی ئەدەب ، رەخنەی ئەدەبی و رێبازەئەدەبیەکان و تیۆری ئەدەبەوە ، هەروەک ئەوەی دەکەوێتە پێش چەمکی بونیادگەری و دەقئاوێزان و هەڵوەشاندنەوە و لاوانەوە .

ئەم زانستە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ، لە فەرەنسا و لەزانکۆی سۆربۆن چووە بواری خوێندنی باڵا و هەر زوو بە رۆژئاوادا بڵاوبۆوە و گەیشتە رۆژهەڵات و بایەخ و گرنگی پێدرا و چەندین کتێب و دەیان وتاری لەسەر نووسرا . هۆی ئەم بایەخ و گرنگییە گەورەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەدەبی بەراورد وەک لە چەندین پێناسەدا هاتووە کە (( مانای زانستی وشەی بەراورد ، دەرخستنی لێکچوونەکان و جیاوازییەکانە لە نێوان دوو ئەدەب ، دوو کتێب ، دوو ژانری ئەدەبی بەرەچاوکردنی جیاوازی زمان و کلتور و ژینگەی دەقی ئەدەبی ، ئەمەش ئەو بوارە دەرەخسێنێ کە کارتێکردن و وەرگرتن لەو بەراوردەدا بدۆزرێتەوە . بەمانا فراوانەکەی شوێنی ئەدەبی نەتەوە و ناسنامەکەی لە ئاست ئەدەبی نەتەوەی تردا دیاری بکات . ئەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە کلتور و ئەدەبی جیهانی ، ئەدەبی هەر میللەتێک لە کاریگەری و کارتێکردن بەدەر نیە ، هیچ میللەتێک بە تەنها و دوورە پەرێز لە میللەتەکانی تر ناتوانێ بژی و گەشە بکات و هیچ زانستێکی مرۆڤایەتیش لە هەر ژینگە و سنورێکی جوگرافیا دا بێت بە بێ وەرگرتن و بەخشین گەشە ناکات و هەمووان پێویستیان بە سوود وەگرتن هەیە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ئەزموونی گەلان و شاعیر نووسەرە هەڵکەوتووەکان .بەراوردکاری وەک زانستێک هەموو مەیدانێکی بیری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە وەک بەراوردکاری زمانەوانی ، میتۆلۆجیا ، پەروەردەیی ، ...

باسکردنی ئەدەبی بەراورد لە سەرەتای ئەم هەزارەیەوە ، هەزارەی سێیەم و پێشبینی ئایندە و هەژموونی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆجیای سەردەم پێویستی بە چەندین توێژینەوە هەیە . لە بەرئەوەی ئەم شۆڕشە نوێ یە سەرتاسەرییە کە هەموو کونج و پانتاییەکی جیهانی گرتۆتەوە ئاراستەی پەیامی لە شێوازی تەقلیدی ئاسۆییەوە کردۆتە ستوونی و ئیتر هیچ جۆرە سانسۆرێکی زەمینی و پاسەوانی دەرگا و تەنانەت یاسای رۆژنامەنووسی کۆن رێگا لە گەشە و بڵاوکردنەوەی ناگرێت . هەموو تاکێک لە هەر ئاستێکی هۆشیاری و رۆشنبیری دابێت دەتوانێ خۆی نمایش بکات و ببێتە خاوەنی پەیام و نێرەر و وەرگر .

هەزارەی سێیەم کە تازە دەیەی دووەمی تەواو دەکات گۆڕانکاری گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بە تایبەت لە بواری میدیا و تەکنەلۆژیای گەیاندندا بە شێوەیەک دەوترێ هیچ شتێ وەک پێشوو نەماوە و بەردەوام گۆڕانکاری خێرا روودەدات .

سەدەی بیست و یەک وەک لە سەرەتاکانیەوە دەردەکەوێت سەدەی بە کۆمەڵگا بوونێکی نوێ یە ، گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی جیاواز ، جۆری ململانێکان گۆڕاون ، ژینگە و پەیوەندی خۆسەپێنەرا دەرکەوتووە .

لەم ئەتمۆسفیرەدا ، ئەدەبی گشتی ئەدەبی بەراورد بەرەو چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێت چ ئایەندەیەک چاوەڕوانی دەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێیە بۆ مشتوماڵ کردنی ئەو ئەگەرانە و پێویستی بە باری سەرنج و رای زیاتر پسپۆرانی ئەدەب و تەکنەلۆژیا و میدیا هەیە ، بۆ نووسینی ئەم باسەش سوود لە میتۆدی مێژوویی و شیکاری وەرگیراوە. بە شێوەیەکی گشتی سوودمەندە بۆ خوێندکاری بەشە کوردییەکانی زانکۆ . باسەکەش پێک هاتووە لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجام و پوختەی باسەکەش بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

## بەشی یەکەم

### ئەدەبی بەراورد لەسەرەتای بەزانست بوونی تا کۆتایی سەدەی بیستەم :

مێژووی بەراوردکاری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتەکانی پێش زایین و سەردەمی شارستانیەتی میسۆبۆتامیا ، کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان گەشەی هزری مرۆڤ لەم ناوچەیەی نێوان دوو رووباردا ( بلاد مابین النهرین ) کاریگەری زۆری کردۆتە سەر شارستانیەتی یۆنانی و هیندی کۆن .

هەروەها شارستانیەتی دوای یۆنان و سەردەمی رۆمانیەکان کە گواستراوەتەوە بۆ ئەوروپا ، بوونی ئەو دەقە فەلسەفی و ئەفسانە و داستان و شانۆنامە دێرینانە کە لەو قۆناغە مێژوویانەدا نووسراون و دواتر کاریگەرییان لەسەر گەشەی فەلسەفە و ئەدەب و فیکری مرۆڤایەتی هەبووە ، بەڵگەی ئەو کاریگەرییەن ، دیارە هۆکاری گواستنەوە و کارتێکردن و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاریگەری زۆرن کە دەکرێ بە هۆکاری گشتی و تایبەتی پۆلێن بکرێت ، لێرەدا بە خێرایی ئاماژەیان پێدەدەین :

هۆکاری گشتی : وەک جەنگ و بەریەککەوتنی سەربازی و بەدیلگرتن و داگیرکاری سەربازی و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا ، دروستبوونی شار و کۆبوونەوەی رەگەز و خێزان بنەماڵەی جیاواز لە رووی کلتوری و فەرهەنگەوە لەم شارانەدا و ئاڵوگۆڕی رۆژانەوە و ئایین و چاولێگەری ململانێی سیاسی و کلتوری،هەروەها دامەزراندنی یانە و کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و رۆشنبیری و پارت و رێکخراوی سیاسی ... هتد [١] . پێویستە لە ناو هۆکارە گشتییەکاندا ، ئاماژە بە شۆڕشەکانی چاپەمەنی بدەین ، لە داهێنانەکەی ( یۆحەنا گۆتنبورگ) (١٤٠٠-١٤٦٨ ) – کە ئامێری چاپی داهێنا و مرۆڤایەتی خستە قۆناغێکی نوێیەوە ، بە ڕای د.کەمال مەزهەر ئەحمەد ((ئەم کارەی گۆتنبورگ گەورەترین دەسکەوتی رووناکبیری سەرتاپای گەلی ئەڵمانی یە لە سەدەی پازدەدا،بە تایبەتی چونکە بووە سەرەتای بەرپا بوونی شۆڕشێکی گەورە لە ژیانی رووناکبیری گەلانی ئەوروپا و ئینجا لە هەموو جیهاندا)) [٢] ئەم سەرەتا بە پیتە ساڵ لە دوای ساڵ و نەوە بە نەوە گەشەی کرد تا بووە ئامێری کۆمپیوتەر بە هەموو جۆرەکانیەوە .

هۆکارە تایبەتیەکان بۆ کاریگەری ئەدەبی فەرهەنگ و تەنانەت ژیانی رۆژانە ، ئەو رۆڵە گەورە و دیارە کە سەرکردەیەکی دیار یان نووسەر و شاعیرێک ، یان کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی دەیبینێ لە ناو دەوربەرو خێزان و گروپ و رێکخراو و دواتر نەتەوەکەیدا .

بۆ نموونە (( حاجی قادری کۆیی کە ئاوارەی ئەستەمبووڵ بوو ، ئەدەبی پەرەسەندووی ئەوسای تورکی و رێبازە ئەدەبیەکانی ئەوروپا بە تایبەتی متنوەرەکان تەوژمی دەگەیشتە تورکیا و ئەمەش هەمووی کاریگەری تایبەتی کردە سەر حاجی و کاریگەرییەکە بە شیعرەکانیەوە دیارە )) [٣] و دواتر ئەو وەرچەخانەی لە هزری حاجی قادردا روویداوە پەیامی نەتەوەیی کردە ئامانج و مەبەست هەروەها بوونی رەخنەگری ئەدەبی کە شارەزایی دوو زمان یان زیاتر بێت ، وەرگێری شارەزا و بە ئەزموون کە بتوانێ پردی پەیوەندی و گواستنەوە لە نێوان زمانی نەتەوەکەی و نەتەوەکانی تردا دروستبکات و ئەو شاکارانە وەربگێڕێت کە بوونەتە موڵکی مرۆڤایەتی و کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی جیهانەوە هەیە وەک شانۆنامە و سۆناتەکانی شکسپیر و تۆلستۆی و چیخۆف و گۆرکی و عەزیز نەسین و جوبران خلیل جبران و ...هتد

کەواتە ئەدەبی بەراورد وەک هەر بابەت و زانستێکی ئەدەبی تر لە خۆوە هەڵنەقوڵاوە و دەرنەکەوتووە ، پێشینەی هەیە و زەمینەسازی ئامادەی هەبووە تاببێتە زانست و یەک خۆیی و رەگەز و قوتابخانەی بۆ دیاری بکرێت .

فەرەنسا ئەو وڵاتە بوو کە بە زانست بوونی ئەم بابەتە ئەدەبیەی چەسپاند لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە ، دیارە هۆکاری ئەوەی فەرەنسا لە پێش وڵاتانی تری وەک


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ئەڵمانیا کە داهێنەری ئامێری چاپن و بەریتانیای بەدەسەڵاتی سەدەی هەژدەیەم و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ، بۆ دوو هۆدەگەڕێتەوە :

١- کاریگەری ئایدۆلۆژیا کە جۆرێک لە بیرۆکە ی جیهانگەرایی گەشەی کردبوو بە هۆی فەلسەفەی رۆشنگەرییەوە .

٢- ئەوکەش و زەمینە لە بارەی فەرەنسای تێدا بوو لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە تایبەت کە رێبازە زانستییەکان بۆ نموونە بۆ بە زانست بوونی ئەدەبی [٤]

ئەو دوو هۆکارە وایان کرد کە ( ڤیلمان لە هاوینی ١٨٢٨ [٥] دا چەند وانەیەک لە بارەی ئەدەبی فەڕەنسی یەوە بڵێتەوە بە ناوی ( چەند وانەیەک لە ئەدەبی فەرەنسی ) لە زانکۆی سۆربۆن ، کە دواتر ئەو وانانە چاپ کران .

مەبەستی ( ڤیلمان) لە دوو توێی وانەکانی و دواتر بەرهەمە چاپکراوەکانیدا ئەوە بوو کە کاریگەری ئەدەبی فەڕەنسی بەسەر ئەدەبی ئیتاڵیەوە بدۆزێتەوە بەتایبەت لەسەدەی هەژدەیەمدا کە ئەمەش دواتر وەک خواست و ئاراستەیەکی خۆبەزلزانین و شانازی کردن بە ئەدەبی فەرەنسی یەوە ئەژمار کرا و هەر لە لایەک تەوژمی نوێی قوتابخانەی فەرەنسی یەوەە ( ئیتامبڵ ) سەرکۆنەکراو بە دەمارگیری ناوبرد .[٦]

لێرەوە سەرەتایەکی نوێ و پرشنگدار بۆ بەراوردکاری ئەدەبی دەرکەوت و لە ماوەیەکی کەمدا وەک زانست بە هەموو رۆژئاوادا بڵاو بۆوە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بنەما و رەگەزەکان و قوتابخانەکانی گەیشتنە رۆژهەڵات و کتێب و وتاری زۆری لە بارەوە نووسراون .

هەر لە رۆژئاوادا یەکەم قوتابخانەی ئەدەبی بەراورد دامەزرا و فۆرم و بنەما و خەسڵەتی خۆی داریکرد و خۆی کردە ناوەند ( المرکز ) بۆ هەموو قوتابخانەکانی دوای خۆی ئەوەش قوتابخانەی فەرەنسی بوو .

قوتابخانەی ئەدەبی بەراورد ، وەک زانای عەرەبی لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری دا ، عزالدین المناصرە دەڵێ : (( فەڕەنسیەکان لایەنگیریەکی تەواویان بۆ مێژووی ئەدەب هەبوو نەک رەخنەی ئەدەبی ، بەڕای ئەوان ئەدەبی بەراورد دەبێ تۆێژینەوە لە بارەی مێژووی بەراوردکاری ئەدەبی بکات ، ئەگەر بەراورد لە نێوان دوو ئەدەب دا کە پەیوەندی مێژووی لە نێوانیاندا نەبێت ، دەبێت ئەو بەراوردە  وەلا بنرێت)) [٧]

مەبەستی فەڕەنسیەکان و بایەخیان بە مێژووی ئەدەب وەک بنەمایەک بۆ بەراوردکاری ، ئەوەیە کە رەسەنایەتی زمان و ئەدەبی کۆن و کلاسیک و دواتر ئاستی گەشەی رووناکبیری بکەنە بنەمای بەراورد وەبە تایبەت ئەم پێداگرتنە لەسەر مێژووی ئەدەب ئەوەیە کە وڵات و میللەتێکی وەک ئەمریکا کە لە سەدەی پازدەهەمەوە دەرکەوتووە ( ١٤٩٢ز) نەیتوانی پێشبڕکێ لەم مەیدانەدا بکات .


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

هەر لە زووەوە هەژمـونی دەسـەڵاتی سیاسـی و بیروسـۆزی نەتەوەیـی کاریگەرییـان بەسەر ئەدەب و رۆشنبیرییەوە بووە ، بەهەر دوو بارەکەیدا ، لەگەڵ یان دژ ، ئەدەبی بەراورد وەک زانسـتێکی ئەدەبی کە کـار بە دەق و مـرۆڤ و ئاراسـتەی دید و بـۆ چـوونی دەکـات لەم راسـتییە بەدەر نـیە ، لێـرەوە لەگەڵ بەرپـابوونی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری ١٩١٧ و دواتـر ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی لە سۆڤیەتی کۆن دا فەرمان رەوایی کرد ، هەوڵی داو بە پراکتیک هەموو کـایە و چەمـک و قوتابخانەکـانی تـری ئەدەبی پێشـتری دایە بەر تـانە و تەشـەر و لە دیـد و روانگەیەکـی ئایـدۆلۆژیای فەلسـەفی و حیـزبییەوە ئەدەبی لە قاڵب دا ، فەلسـفەی (مـارکس ) و رەخنـە فەلسـەفییەکانی بەرامـبەر ئەدەبی بـۆرژوا و دیـاریکردنی پەیـامی ئەدەبی و پێویسـتی قەڵەمەکەی لەخزمەت چینی پرۆلیتار و بەش مەینەت و چەوساوەکاندا کردە هێڵێکی سوور کە نابێت ئەدەب و رەخنە رەچاوی نەکەن ، بێگومان ( لینین) کە یەکەم کەسی دەسـەڵاتی سـۆڤیەت بـوو تـا کـۆچی دوایـی ١٩٢٤ دەقـاودەق ئەو رێنماییـانەی رەچـاو دەکـرد و لەو بەرهەمـانەی لە بـارەی ئەدەبەوە نووسـیویەتی جەخـت لە سـەر فیکـری (مـارکس) دەکـاتەوە ، دەیکـاتە بنەمـا و رێسا بۆ ئەدەبی سۆڤێتی ئەو سـەردەمە ، واتە ئازادی نووسـەر و خەیاڵی داهێنەرانەی دەبێت سنووری ئەو فەلسەفە نەبڕێت و لەو بازنەیەدا گەڕ بخوات . دیارە دواتر حوکمی ( ستالینی ) و نازناوی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا ١٩٣٤ ، هەموو ئەمـانە گەواهـی ئەوە دەدەن کە چۆن ئەدەب و قوتابخـانە ئەدەبیەکـان ، چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی و فەلسـەفی دیاریکراویان بۆ کێشراوە کە ناتوانن لێی دەربچن .

هەمـوو ئەو ئامـاژانەی سـەرەوە تەنیـا بە مەبەسـتی ئەوەیە ، ئەدەبی بەراورد لە قۆنـاغی دەسـەڵاتی سـۆڤیەت و وڵاتـانی ئەوروپـای رۆژهەڵات کەلەو مەدارەدا خولیـان دەخـوارد ، بـاس بکەین .

قوتابخــانەی بەراوردی ( ســلاڤی - رووســی ) بەرهەمــی ئەو هەژمــوون و دەســەڵاتە سیاســیە بــوون کە لە لایەک لەگەڵ قوتابخــانەی فەرەنســی و لە لایەک دژی وەســتایەوە ، هەروەهـا وەک ئاسـتەنگێک دەرکەوت و سـەرنج و روانینـی رەخنەگـر و نووسـەر و زانانیـانی مێژووی ئەدەبی بۆ گۆشـەو لایەنێکی تر راکێشـا ، بە تـایبەتی کاریگەری بەسـەر ئەو قەڵەم و بەهرە ئەدەبیانەوە هەبوو کە لە ژێر چەپۆکی داگیرکەرو سیستمی نەتەوە باڵاکاندا بوون دوای جەنگی یەکەمی جیهان ، نەک ئەدەب بەڵکو فەلسـەفەی ( مـارکس ) بۆ ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ئەدەب و دابەشکردنی جیهان بۆ دوو بەرە ، داگیر کەر و داگیرکراو ، چەوسێنەر و چەوساوە ... هتـد ، چـووە خەیاڵـدانی بەرهەمـی ئەدیـب و نووسـەرانی ئەو مـیللەتە بەش مەینەتـانەوە ، فەلسـەفە و سیسـتمی سۆسیالیسـتی سـۆڤیەت بـوونە ئیلهـام و مژدە بەخـش بـۆ ئەو نەتەوانەی کەسـەدان فەرسـەخ لە وڵاتەوە دوور بـوون و تەنیـا روخسـار و دەنگـی زوڵاڵـی میـدیای ئەو دەسەڵاتەیان دەبیست و تا ساڵانی ١٩٩١ و دواتر هـیچ شـارەزاییەکیان لە نـاخی ئەو کۆمەڵگا و دەسەڵاتە نەبوو ، ئاهـ و حەسرەتی ئەو چەوسـاندنەوەیان دەبیسـت کە لە ژێر ئەو دروشـمانەدا خەفەدەکران و گوڵی تاوانی ئازادی و مافی ژیانیان پێخوست دەکات .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

قوتابخانەی ( سلاڤی – رووسی ) دەبوایە دروست بوایە و کێبڕکێی خۆی بکات و بەشێک لە خەونی رۆژئاوا بڕەوێنێتەوە و لای کەم لای هەواداری فیکری مارکس و سۆشیالیستی خۆی بە فریشتە و ئەوانی دی بە شەیتان دەربخات .

بەکورتی خەسڵەت و تایبەتمەندی قوتابخانەی ( سلاڤی – رووسی ) و رابەرانی ، دەتوانین بەم شێوەیە کورت بکەینەوە :

( جێرمۆسکی ) رابەڕی ئەم قوتابخانەیەی دەکرد و رەخنەی زۆری لە قوتابخانەی فەرەنسی دەگرت کە ئەم قوتابخانەیە (( لە ئاسۆیەکی تەسکەوە بەراوردە ئەدەبیەکان وەسف دەکات ، ئەو بەراوردکارییانە دەبێت لە روانگەیەکی زانستی بەراوردکارییەوە هەڵسەنگێنرێت و ( مارکس) ی یانە سەیر بکرێت )) (٨)

جیاوازی نێوان قوتابخانەی ( فەرەنسی)  و قوتابخانەی ( سلاڤی – رووسی ) ، ئەوەیە کە یەکەم مێژووی ئەدەب دەکاتە پاڵپشت وهاندەری ئەدەبی بەراورد ، بەڵام دووەم لەگەڵ گرنگیدانە بە مێژوو بەڵام بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە ، واتە مێژووی ئەو کەس و میللەتە پەراوێز خراوانە ، ئەوانەی قەڵەمی مێژوونووسیان لە بیریان کردوون ، هەروەها لای ( سلاڤی – رووسی )کان هزر و بۆچون دەبێت لە فەلسەفەی مارکسیزمەوە سەرچاوە بگرێت ، بەڵام فەرەنسیەکان لە هەردوو قۆناغی شەپۆل و تەوژمی ئەدەبی بەراوردا باس لە مێژووی بیری مرۆڤایەتی دەنەکەوە نەک بیری فەلسەفەیەکی دیاریکراو ، تەنانەت (( ساڵی ١٩٣١ زانای بەراوردکاری ناسراو ( پاوڵ ڤان تیگیم )  ئاوڕدانەوە لە مێژووی بیری کردە یەکێک لە ڕێبازە گرنگەکانی ئەدەبی بەرواردکاری دەیەیەک دواتر ، ئینگلیزەکان زۆربە گەرمی پێشوازیان لەم هەنگاوەکرد .

مەبەستمان لە ( بیر ) لێرەدا ئەو مەودا ئەبستراکتەی نیە کە دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەوە ، بەڵکو ئەو سەرەنجامە رۆشنبیریانەن کە هی ناخی نووسەرەکەن ، یان نووسەرەکە پابەند دەکات پێیانەوە))(٩)

لەم دوو بنەمایەوە ( فەرەنسی و ( سلاڤی – رووسی ) بگەیەینە ئەو ئەنجامانەی کە هەردوو ئاراستەکە راستن ، ئەوەش بەوەی (( ئەدەبی بەراوردکاری دەبێ سەروسەودای لەگەڵ فەلسەفە و ئەدەبدا هەبێ و ئەم دوانە هەرگیز لێک جیا ناکرێتەوە و دابەش ناکرێت )) (١٠)

قوتابخانەی ئەمریکی کە نوێترین قوتابخانەی بەرواردکارییە و بەدژ و بەرەنگاری دوو قوتابخانەکەی پێشوو خۆی ناساندووە ، ئەمیش بنەما و ئاراستەکانی خۆی وا داڕشتووە کە بڕوا بە توێژەر و خوێنەر بهێنێ کە زمانی سەردەمەکەی و نەخشەی دوارۆژی ئەدەبی پێیە ، (( گەشەکردنی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەمریکا بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ، بەتایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، کە رەخنەیان لە قوتابخانەی فەرەنسی دەگرت کە تەنیا بایەخ بە ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان دەدەن ، هەوڵیاندا جارێکی تر بە پێناسە و چەمکە تیۆرییە


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

گشتییەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا بچنەوە ، بۆیە رەخنەی توندیان لە ئەدەبی بەراوردکاری تەقلیدی دەگرت کەلەگەڵ گیانی سەردەما ناگونجێت )) (١١)

ئێستاشی لەگەڵ بێت ، قوتابخانەی فەرەنسی دەستبەرداری رێبازە کلاسیکیەکەی خۆی نەبووە ، بەوەی پشت بە مێژووی ئەدەبی ببەستێ بۆ بواری بەراوردکاری ، ئەمەش وەک شانازی و خۆ بەزلزانین و دێرینی شارستانیەتی نەتەوەی فەرەنسا ، بەڵام ئەمریکیەکان بە هۆی ئەوەی خاوەنی مێژویەکی دێرین نین و دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( ١٤٩٢) ، ئەوکاتەی گەڕیدەیەکی ئیتاڵی ( کریستۆفەر کۆلۆمبۆس ) ئەو کیشوەرەی دۆزییەوە ئەوجیهانە نوێیەی لەسەر نەخشەی جیهان وێنەکرد (١٢)

(( وشەی مێژوو لای فەرەنسیەکان هەمیشە پێش وشەی بەراورد کەوتووە ، بە هەموو ناونیشانیەکەوە لکاوە ،مەرجی هۆکاری مێژووی نەک هۆکار بەڵکو بووە ئامانج ، کێشەی هۆکاری مێژووی لەوەدایە کە زیاتر بەراورد بە هۆکاری دەرەکیەوە دەبەستێتەوە )) (١٣) و دەق وەک یەکەیەکی ئۆرگانی سەرەکی فەرامۆش دەکات کە ئەمەش وەلانانی ئەو تیۆرە نوێیانەی ئەدەبە کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیسیەتەمەوە تێڕوانینی نوێیان هەبوو بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەق وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە مێژوو و ژینگە و کاریگەری دەرەکی رابەرانی قوتابخانەی ئەمریکی داوای دەقی داخراویان دەکرد ، کە ئەوەیە مەبەستی بەراورد ، کە ئەمە رەتکردنەوەی لایەنی مێژوویی ، کۆمەڵایەتی دەقە و جەخت کردنە لەسەر تەکنیکی دەق ، خاڵێکی تری گرنگ بەلا ئەمریکیەکانەوە ، جیاوازی زمانە ، کە فەرەنسییەکان وەک مەرجێکی سەرەکی لە سەرەتاوە چەسپاندوویانە و دەبێ بەراورد لە نێوان ئەدەب ، ژانر ، دەق ، نووسەر ، کتێب ، .. هتد ی دوو نەتەوەی جیاوازدا بکرێت بە دوو زمانی جیاواز ، بەڵام ئەمریکیەکان درکیان بەوە کرد کە مەرجی جیاوازی زمان تایبەتمەندی ئەوان وەک نەتەوە و رۆشنبیری تایبەت بە خۆیان دەسڕێتەوە و دەیانکاتە پاشکۆی رۆشنبیری ئینگلیز و گەشەی رۆشنبیری و فەرهەنگی و کلتووری میللەتانی جیاوازە و کەڵەکە بووە و دواتر لە بۆتەی ناوی رۆشنبیری ئەمریکیدا دەرکەوتووە و ناسنامەی وەرگرتووە ، کە ئەم ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبیانەی کەلە سایەی سیستمی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گەشەی کردووە ، تایبەتمەندی خۆی هەیە و پەیام و ئاراستەی جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی ، هەروەک چۆن لەگەڵ هاوبەشی لە زماندا ، ئەمریکا و بەریتانیا ، جیاوازی زۆریان هەیە لە رووی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی فیکر و یاسا و باری کۆمەڵایەتی وسیاسی و ... هتد .

بە پێی قوتابخانەی ئەمریکی (( دەتوانرێت ئەدەب بە هونەرەکانی تر بەراورد بکرێت جگە لەوەش دەکرێت لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان دوو ئەدەبی ناو یەک زماندا بکرێت ، دەشێ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ئەو ئەدەبانەش بکرێت کە پەیوەندی راستەوخۆیان لە نێواندا نیە ،نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە ( رێنیە وێلیک – ئاوستن وارین ) پێیان وایە کە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و کەوتنە بەر کاریگەری کارێکی بێ ئەنجامە و پێویست ناکات خۆمانی پێوە


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

خەریک بکەین ، چونکە لێک نزیکی و لێکچوونی دوو ئەدەب مەرج نیە کاریگەری لە ئارادا بوو بێت ، بەڵکو بە ڕوانگەی ئیستێتیکی و جۆری روانینی نێوان نووسەرانەوە هەیە )) (١٤)

ئەدەبی بەروارد ئاراستەیەک وەردەگرێ کە خۆی لە لەیەکچوونی دەقەکاندا دەبینێتەوە (( خودی توێژینەوەی بەراوردکاری بە پلەی یەکەم بە دوای لێکچوونی قوڵ و بناغەداردا دەگەڕێت )) (١٥)

کەواتە دەکرێ وەک توێژەر لە ئەدەبی بەرواردکاری کوردی و نەتەوەکانی تردا سوود لە هەردوو یان هەرسێ قوتابخانەکە وەربگرین هەریەکە بۆ سەردەم و قۆناغ و کاتی خۆی .

لە پێناو سەلماندنی راو بۆچوونمان بە تایبەت لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا کە گۆڕانکاریەکانی سەرەتای هەزارەی سیەم وکاریگەری لەسەر ئەدەب و روناکبیری یە ، بە پێویستی دەزانین زیاتر بایەخ بە قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکی بدەین و تایبەتمەندییەکانی وەک شارەزایانی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی دیارییان کردووە بەسەر بکەینەوە ، لەبەرئەوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەستە بە سیاسەتی هەژموون گەرایی ئەمریکاوە و لە خزمەتی ئەو سیاسەتەدایە . بە پێویستی دەزانین بگەڕێینەوە بۆ ناوهێنان و ئاراستە و پەیامی رابەرانی ئەم قوتابخانەیە – ئەمریکی – ( رێنیە ویلیک) کە زۆربەی نووسینەکانی لە بواری رەخنەی ئەدەبدا خۆی دەبینێتەوە و (ویلیک) هەرلە سالانی دەیەی چوارەم و پێنجەمی سەدەی پێشووەوە ، بووە بلندگۆی رێنوێنی قوتابخانە و تیۆرییە ئەدەبیەکانی ئەمریکا ، هەر لەو سالانەوە (ویلیک) جاڕی شۆڕشێکی دژ بە ئەدەبی بەراورد دا ، کە وەک زانستێکی سەربەخۆ باسبکرێت ، دەستەواژەی ئەدەبی گشتی (الادب العام) خستە بری – ئەدەبی بەراوردکاری و بە باشترین پێناسەی زانی و دواتر ( ئەدەبی گشتی ) بە یەکجاری لە فەرهەنگی ئەدەبی خۆیدا سڕیەوە و کردیە ( تیۆری ئەدەب ) کە بەم میتۆدە دەکرێ بەراورد لە نێوان ئەدەبی یەک نەتەوەشدا ئەنجام بدرێت )) (١٦)

دیارە ئەم بەراوردەی ( ویلیک) هەوڵی چەسپاندنی دەدات ، لە زووەوە لە لای نەتەوەکانی تر وەک بەراورد سەیر نەکراوە ، بۆ نموونە ئەگەر بەراورد لە نێوان دووشاعیری عەرەبدا بکرێت لە رووی جیاوازی و کاریگەری و گەشەکردنەوە ئەم پرۆسەیە بەبەراورد ئەژمار ناکرێت ، بەڵکو بە ( موازنە) یان هاوشانێتی یان هاوسەنگی پۆلێن دەکرێت ، دیارە ئەمریکییەکان لەو بۆچوونانەی باسمان کرد دەڕوانن ئەم زانستە و هەڵسەو کەوتی لەگەڵ دەکەن .

بە شێوەیەکی کورت وخێرا ، قوتابخانەی ئەمریکی ( ناتوانین لێرەوە بڵێین بەراوردکار ) لەبەرئەوەی خۆیان بڕوایان بەو دەستەواژەیە نیە ،ئەگەر چی زۆربەی سەرچاوەکانی ئەدەبی بەراورد بە قوتابخانەی ئەمریکی بەراورد ناویان هێناوە کە هەڵەیە (١٧)

ئاڕاستەی ئەمریکی و بەرەنگاریان لە ئەدەبی وڵاتێکی زلهێزی فرەنەتەوە، بە بەرنامە و بەڵگە و شیکردنەوە و سەلماندن دەبێت ، هەر بەو هۆیەوە وەڵامی نەیارەکانیان بەم شێوەیە دەدەنەوە :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هۆکاری دەرەکی ( العوامل الخارجية ) و پەیوەندیان بەدەقەوە رەتدەکەنەوە .

١- جەخت کردنەوە لەسەر ( گەوهەری هونەر و ئەدەب ) ئەوەش بەوەی هەموو بونیاتەکانی یان توێژەکانی توێژینەوەی لەسەر بکرێت و زیاتر گرنگی بە هۆکار و بنەما و رایەڵەی ناوخۆی دەق بدرێت (بە ئەدەب بوونی ئەدەب ) ( أدبية الأدب ) .

٢- سڕینەووەی هەموو ئەو بەرهەمانەی لە ژێر ناوی ( ئەدەبی بەراورد ) دا ناسراون و بایەخیان پێدراوە وەک کایەیەکی مەعریفی سەربەخۆ ، هەموو ئەمانە بکەونە ژێر رکێفی مەعریفی ( تیۆری ئەدەب )ەوە ، دیارە ئەمە ڕای ( رێنیە وڵیک ) ە .

٣- بەراوردی گشت گەرایی نەک تایبەت ، بۆ نموونە ئەمریکییەکان بۆ چوونیان وابوو کە دەکرێ کاریگەری و کارتێکردن ( التأثير والتأثر ) لە ئەدەبی زارەکی دا زۆر بدۆزینەوە و مەیدانی جوگرافیای ئەدەبی زیاتری پێ ببەخشین .

٤- لەگەڵ ئەوەی بنەماکانی تیۆری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی ئەمریکی ئەم نهێنیە ئاشکرا ناکەن ، بەلاَم لە ناخ و کرۆکی مەبەست و ئامانجیدا ، جەخت کردنەوەیە لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی رۆژئاواییدا و فەرامۆش کردن و بەپەراوێز کردنی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکانی تر و بەکەم سەیرکردنیان [١٨] ، وەک ئەوەی دەقی ئەدەبی ئەمریکی هەموو شاکاربن و بەرهەمی وڵاتانی سۆڤیەتی کۆن و ئاسیا و ئەفریقا لە ئاستێکی خوارتردا بن و بکەونە خانەیەکی تری داهێنانی ئەدەبیەوە .

قوتابخانە رەخنەی ئەدەبی ئەمریکی بایەخ بە زمان دەدەن بەلاَم مەرج نیە دوو زمانی جیاواز بێت ، بەڵکو وەک زمانی ئیستاتیکا و فەنتازیای هونەری بالاَ .

هەروەها وەک ئاماژەمان پێدا ، رەخنەی ئەدەبی ئەو بنەمایەیە کە ئەمریکیەکان بایەخی پێ دەدەن بەو بۆچوونەوەکە لە ناو کەرەستەکانی رەخنەدا ، جیاوازی و بەراورد دەردەکەوێ ، هەروەها مێژووی باس لە رابردوو دەکات کە رەنگە بۆ ئێستا و ئایندەی سوودی نەبێت ، بەلاَم رەخنەی ئەدەبی کار لەسەر ئێستای دەق و ئایندەی دەقی ئەدەبی دەکات .

خاڵێکی تری گرنگ کە هەردوو قوتابخانەی فەرەنسی و سلاڤی – رووسی ، بایەخیان پێ نەدابوو ، بابەتی (درککردنی هەستگەرییانە) یە ( الإدراك الشعوری ) کە زیاتر پەیوەستە بە هەستی بالاَی تاکەوە ( وعی الذات ) کە ئەو پلەیەیە لە درک کردن وهەستکردنی تاکی داهێنەر کە پەیوەست نیە بە مێژوو قۆناغی گەشەی کۆمەڵگاوە[١٩] .

رەخنەگرانی ئەدەبی ئەمریکی لەگەڵ قوتابخانەی ( سلاڤی – روسی ) دا لەخاڵی سەرەکی ( ئایدۆلۆژیا ) ی زاڵدا ناکۆک بوون ، بەو بەهانەیەی کە ئایدۆلۆژیای ئەدەب لە سیما جوانەکەی دادەبڕێ و ئاسۆی بیر و خەیاڵی نووسەر تەسک دەکاتەوە و سنووداری دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان واتە ئەمریکیەکان جۆرێکی تر لە ئایدیا زاڵ دەکەن کە ئایدیای پاشکەوتنە ( التبعية ) ، لەو روانگەیەوە نەک ئەدەب بەڵکو هەموو بوارەکانی تری رووناکبیری و سیاسەت و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئابووری بکەنە پاشکۆی بەرنامە و ئەجندای خۆیان ، لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە دەوەستین .

**بەشی دووەم :**

**سەرەتای هەزارەی سێیەم و ئایندەی ئەدەبی بەراورد**

هەزارەی سێیەم ( ٢٠٠١ – ٣٠٠٠) ، هەر لە سەرەتاوە و لەدەیەی کۆتایی هەزارەی دووەمەوە ، تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیارییەکان هەنگاوی خێرا و گورجی ناوە کە پێشتر نموونەی نەبووە ، گەر بە پێی دابەشکردنی ( مارشاڵ ماکلوهان – Marshall Mcluhan) سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین ئەو جیاوازییە گەورەیە دەبینین کە مرۆڤایەتی بە هۆی داهێنانی ئامێری نووسین و چاپ و سینەما و تەلەگراف و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە لەو قۆناغەدا بەدەر کەوتوون و هەرداهێنانێکی نوێ جوگرافیای سروشتی و گۆی زەوی بچووک کردۆتەوە و لە بەرامبەردا هزری مرۆڤی فراوان و گەورە کردوە و بە زانین و زانیاری .

بەڕای ( ماکلوهان ) مێژووی مرۆڤایەتی بۆ چوار قۆناغ دابەش دەکات :

١- قۆناغی زارەکی،واتەپێش خوێندن ، قۆناغی خێڵەکی . Totallyoral,Preliterate,Tribalism

٢- قۆناغی نووسین ، لەبەرگرتنەوە ( النسخ ) Codification by Script کە دوای هۆمیروس – یۆنانی کۆن دەرکەووت هەزار ساڵی خایاند .

٣- سەردەمی چاپەمەنی ، نزیکەی ساڵانی نێوان ١٥٠٠ تا ١٩٠٠ ز .

٤- سەردەمی میدیای ئەلیکترۆنی ،کە لە ساڵانی (١٩٠٠) وە دەست پێدەکات و تا ئەمرۆ بەردەوامی . [٢٠]

بە کورتی ( ماکلوهان ) بانگەوازی ئەوە دەکات کەگۆڕانکاری بنەڕەتی لە گەشەی شارستانیەتەکاندا لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ فێربوو پەیوەندی بکات لە پەیوەندی زارەکییەوە بۆ پەیوەندی دیڕ( نووسین ) دواتر بۆ پەیوەندی زارەکی و ... هتد [٢١]

( ماکلوهان ) (( لە کتێبە سەرەتاکانی کە تاووتۆیی ( کلتوری چاپ ) ی تیدا دەکات ، لای وایە لەوکاتەوەی (گۆتنبێرگ ) چاپی کتێبی داهێنا ، ئێمە ئەتوانین باس لە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی عەشیرەت بکەین و قۆناغێکی دی دێتەکایەوە کە قۆناغی دروستبوونی تاکە . پەیوەندی شەفەوی ئەو کلتورەیە کە هەمیشە گروپمان بۆ بەرهەم دەهێنیت ، بەڵام کلتوری چاپ و کتێب ئەو میدیا نوێیەیە کە تاکەکانی گروپ لە یەکتر دادەبڕێت و فەردانیەت (Individulismus) دەبێتە بەرهەمەکەی [٢٢] .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گەرچی ( ماکلوهان ) لەساڵانی شەستەکان و هەفتاکاندا تیۆری میدیای سەرتاپا داڕشتەوە و ئەو ڕستە بەناوبانگەی کەکۆی لێکدانەوەکانی لەسەر بینا دەکات ، کە دەڵێت ( ئەم جیهانەی ئێمە چیدی وەک گوندێکی گڵۆباڵی لێهاتووە ..... ) )) (٢٣)

دیارە دەست پێشخەری ئەم گۆڕانکارییە ئەو عەقڵە بەرهەم هێنەرانەیە کە لە پشت داهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایەوەن ، سیستمی سەرمایەداری و لە سەروویانەوە ئەمریکا((هەر لەهەشتاکانەوەی – سەدەی پێشوو ، تەکنەلۆژیای زانیاری کردە نێوەندێ بۆ واقیعیکردنی پرۆسەی گۆڕان و بوونیادنان لە بناغەی سیستەمی سەرمایەداری ))(٢٤)

جیهانگیری ( العولمە ) کە سەرەتاکانی و بەم شێوە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی پێشوو کە بەشێ لەزانایان بە شۆڕشی پیشەسازی سێیەمی ناودەبەن ، دیاردەی جیهانگیری چەندین پێناسە و شیکردنەوی بۆ کراوە ، (محمد الأطرش ) دەڵێ : (( جیهانگیری یەکگرتنی بازارەکانی جیهان لە کایەی بازرگانی و بەرهەم هێنان و گواستنەوەی شمەک و دەستی کار و رۆشنبیری و تەکنەلۆژی ، لە چوارچێوەی سەرمایەداری ئازادی بازاردا ، دواتر ملکەچی جیهان بۆ هێزەکانی بازاری جیهانی ، کە ئەمەش وادەکات سنووری نەتەوەییی ولاتان بەزێنێ و سەربەخۆیی ولاتان گەمارۆ بدات ، وە رەگەزی سەرەکی لەم دیاردەیەدا کۆمپانیا زەبەلاحەکانی سەرمایەدارانە))(٢٥)

جیهانگیری کە سوودی زۆری لە تەکنەلۆژیای نوێ و شۆڕشی زانیارییەکان وەرگرت و کردنیە ئامرازی جێ بە جێ کردنی مەرامە ئابووری و سیاسی و رووناکبیری و میدیاکانی ، سەرچاوەی ئەم هەوڵی دەست بەسەرا گرتنەی جیهان ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە پێشەنگی ئەم پاوان خوازییە بوو ، (محمد عابد الجابری ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (( جیهانیگری هەوڵ ئەدات شێوازێکی تایبەت لە جۆرێک لە شارستانی بلاوبکاتەوە کە شێواز و فۆرمی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ، وە ئەم شێوازە بەسەر سەرجەم ولاتانی جیهاندا بسەپێنێ ، جیهانیگری تەنیا گەشەی ئاسایی سیستمی سەرمایەداری نیە ، بەڵکو بە پلەی یەکەم بانگەوازە بۆ پێڕەو کردنی نموونەیەکی تایبەت))(٢٦)

جیهانگیری مێژووەکەی کۆنە بەو ناوەرۆکەی کە ولاتانی رۆژئاوا و کۆڵنیالیزم لە زووەوە هەوڵیانداوە و چاویان بڕیوەتە خاک و سامانی مادی و مرۆیی ولاتە هەژار و دواکەوتووەکان ( ولاتانی جیهانی سێیەم ) وە بۆ ئەم مەبەستە هەموو ئەو هۆ و کەرەستە سەربازی و ئایینی و روناکبیری و مادیانەی لەو سەردەمانەدا فەراهەم بوون ، بەکاریان هێناوە ، بەریتانیا و پورتوگال و ئیسپانیا و فەرەنسا و لە سەدەکانی پێشوودا و تا ناوەڕاستی سەدەی پێشوو دەسەلاتی خۆیان بەسەر زۆر ولات و میللەت دا سەپاندبوو بە تایبەت بەریتانیا کە ولاتێکی زەبەلاحی وەک هیندستانی ژێردەست کردبوو ، وە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و میراتی دەوڵەتی عوسمانیان لە نێوان خۆیاندا (بەریتانیا و فەرەنسا ) بەش کرد ، دواتر دەرکەوتنی ئەمریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بەو هێزە ئابووری و سەربازی و تەکنەلۆژیا نوێیەوە ، هەژموونی ئەوانی کەم کردەوە و وەک جەمسەرێکی بەهێز و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە توانا لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕۆڵی گرنگی و چارەنووس ساز دەبینێ و دەتوانێ بەشێکی زۆر لە کێشەکان بئاڵۆزێنێ و یان هەوڵی چارەسەریان بدات .

جیهانگیری ئەگەر لە کۆندا خواستێکی بەریتانی و ڕۆژئاوایی بووبێت ، لەو ساڵانەی ناوەڕاستی سەدەی پێشوو ، بۆتە خواستی ئەمریکی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی پێ دەدات و هەوڵی سەپاندنی خۆی دەدات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و گەشتاندنی خواست و مەبەست و بەرژەوەندی خۆی بەسەر جیهاندا .مەترسی ئەم خواست و هەژموونە زۆرە ، ( تۆماس فریدمان ) دەڵێ : (( ئێمە لەبەردەم جەنگێکی سیاسی و شارستانی ترسناکداین ، لە رابردوودا گەورە و بچووکی دەخوارد ، بەڵام ئێستا ئەوی خێرایە خاو خلیچەکەکان دەخوات )) [٢٧]

جیهانیگری بە هەموو ئەو پێناسە وشیکارییانە و هەڵسەنگاندنانەی بۆی کراوە چ لە لایەن یاران و چ لە لایەن نەیارانییەوە بێت لە کۆتا مەبەست دا ، دیاردەیەکی( ئابووری ، میدیا ) ی یە ، ناتوانین لە جیهانگیری بگەین بە تایبەت جیهانگیری میدیایی تا لە جیهانگیری ئابووری باڵا دەست نەگەین ، گەشەی ئابووری و گەرمکردنی بازار بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی کۆمپانیا گەورەکان و تەنانەت بچووکەکانیش ، پێویستیان بە ریکلامی کاریگەر و خێرا هەیە تا کار لە چێژ و ئارەزووی کڕیار بکەن و کاڵای بەسەردا ساغ بکەنەوە ، کەواتە جیهانگیری میدیایی گونجاندنە لەگەڵ چێژ و ئارەزوو و بڕیاردانە بەسەر پێوەرەکانی بەر جۆری دا [٢٨]

راستییەکی حاشاهەڵنەگرە (( کەسێک بیەوێ بابەتیانە قسە لەدیاردەی جیهانگیری بکا و بیروڕایەکی زانستیانەی لەبارەوە دەربڕێ ، دەبێ ئەو حەقیقەتە لەبەرچاو بگرێ کە جیهانگیری بریتیە لە زنجیرەیەک پەیوەندی و بەرژەوەندی جیاجیای نێوان چەندین هێزی ئابووری جیاواز کە ئەمسەر تا ئەوسەری دونیایان کۆنترۆڵ کرووە .......... ئەم دیاردەیە دیارە کاریگەری خۆیان بەسەر رەوتی ژیانی ئابووری ، سیاسی ، رۆشنبیری ، تێکڕای مرۆڤایەتیەوە جێ هێشتووە )) [٢٩]

بە پێی ئاراستەو نەخشەی جیهانگیری ئابووری و میدیای جیهانی ئەمڕۆ کەسانێک دروستی دەکەن و هەژموونیان بەسەریەوە هەیە کە بریتین لە ( بزنس مانەکان ، سەرمایەدارەکان ، خاوەن کۆمپانیای میدیای و هونەر و سیاسیەکان )، زیاتر لەوەی دەستەبژێر ( نخبة) ی رۆشنبیری رۆڵی هەبێت ، ئەمڕۆ پاڵەوانی شاشەی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، سوشیال ، میدیا ، کاراکتەر و یاریزان و خاوەن سەرمایەکانن ، نەک رۆشنبیر و خاوەن فیکر و قەڵەمەکان ، لە ئەمڕۆوە تا ئایندە هەنگاوەکان دەریدەخەن کە رۆشنبیری و زانیاری لە دوو توێی کتێب و رۆژنامەنووسی و فەرهەنگ و ژێدەری زانستییەوە لاواز دەبێت و ئەوەی زاڵە رۆشنبیری و وێنە و زانیاری راگوزاری ناو کۆمپیوتەرە،لە سەرەتای ئەم گەشەی تەکنەلۆژیایەوە وتراوە کە وێنەیەک جێی هەزاروشە دەگرێتەوە[٣٠]

ئەم شیکردنەوە خێرایە بۆ دیاردەی جیهانگیری و نەزمی نوێی جیهان لەسایەیدا ، بۆ ئەو مەبەستە بووە کە باسی لە کاریگەری ئەو هەژموونە بکەین بەسەر ئەدەبی بەراوردەوە و گریمانەی دوارۆژی بۆ بکەین .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەر لە زووەوە لەگەڵ بابەتی بەراوردکاریدا ، وەرگێڕان و دزیی ئەدەبی جارناجارێک تێکەڵ کراون و جێ گۆڕکێیان کردووە بە تایبەت لە ناو ئەو میللەت و کۆمەڵگایانەدا کە درەنگ لە شێوازی زانستی و توێژینەوە و ئامانجدار گەیشتن ، لە ناو ژینگە و جوگرافیایەکی پەراوێز و نەخوێندەواردا هەڵکەوتن کە لەبەر نەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە و نەشارەزایی دەوروبەر ، کاڵای وەرگیراویان بە خاوەن دەکرد و دەبوونە ناو و کەسایەت سەردەمی خۆیان . هەڵبەتە ئەمە هەمووان ناگرێتەوە ، ئەوانەی خۆیان داهێنەر و بە توانان سوود لە ئەزموونی داهێنەرانی میللەتانی تر وجیهان وەردەگرن و گەشەی پێ دەدەن و ئاماژە بە سەرچاوە دەدەن و ئەمانەش نووسین و بەرپرسیارێتی وشە ڕەچاودەکەن .

لە دوای بەزانست بوونی ئەدەبی بەراورد و دانانی پرەنسیپ و بنەمای گشتی و تایبەت بۆی، بەشێک لەو دیاردەی دزی ئەدەبی و وەرگێڕانی بێ ناوهێنانی سەرچاوە کەوتنە بەر ڕووناکی  و زەنگی مەترسیداریان بۆ ئەو نووسەرانە لێدا کە ئەو کارانە دەکەن .

ڕاستە کە سێ لەسەر چواری داهێنەر لە بەهرەی تر خواستراوە ، بەڵام ئەو یەک لەسەر چوارەی خۆی مەودای گەشە و سەلماندنی بەهرەی خۆیەتی .

وەک بەختیار عەلی دەڵێ : (( ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەب ، تەنیا لە پەیوەندییدا بە ئەدەبی جیهانیەوە پێدەگرێت ، ڕۆمانی فەرەنسی سەدەی نۆزدە لە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بووە ، ڕۆمانی رووسی لە ژێر کاریگەرییەکی ئەدەبیاتی فەرەنسیدا بووە،ڕۆمانی عەرەبی و فارسی هەر لە ژێر ئەو کاریگەرییانەدا گەورە بوون))[٣١]

کەواتە وەک ( گۆتە) ی شاعیری ئەڵمانی دەڵێت : (( هەر ئەدەبێک هەناسەی ئەدەبەکانی تری بۆ نەیەت و سەر لەنوێ خۆی دانەڕێژێتەوە ، کرۆشکە دەکات و هەڵدەپرووکێ )) یان ( باسکال ) : (( نابێ کەس پێم بڵێ شتێکی نوێم دانەهێناوە ، چونکە هەر هیچ نەبێ ڕێکخستنی کەرەستەکانم شتێکی نوێیە )) [٣٢]

کەواتەکاریگەری و کارتێکردن کە بنەمای قوتابخانەی فەرەنسی تەقلیدی بوو ، ئاسایی یە ، بەومەرجەی کاردانەوە لای وەرگر ( داهێنەری دووەم ) دیاری بکرێت بە پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ .

( دزی ئەدەبی )  لە کۆنەوە وەک ئاماژەمان پێدا کاری پێکراوە ئەوەش بە چەند جۆرێک (( بە کورتی دزی ئەدەبی بریتیە لە وەرگرتنی بە ئاگایانەی دەقاودەقی نووسەرێک ، یان بە کەمێک گۆڕانگارییەوە لە لایەن نووسەرێکی ترەوە و کردنی بە ناوی خۆیەوە ، مەبەست لێی ( وەرگر) خۆهەڵواسین و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبی خۆی تا بگاتە ئاستی بەرهەمە دزراوەکە . ئەم وەرگرتنەش خۆی لە هاوبیرۆکەیی و هاومانای و وەکیەکی وێنە ودەربڕیندا .. هتد دەبینێتەوە )) [٣٣]

دزی ئەدەبی ئەگەرچی وەک زاراوە قورسی و تانەوتەشەر لێدانە و لۆمە و سەرزەنشتی وەرگری دووەمە و جارجاریش بۆ شکاندنی وەرگر و کەمکردنەوەی بەها مەعریفیەکان دەوترێت یان هەوڵدەدرێت ڕەسانەیەتی دەق لەگەڵ وەرگرتندا بەراورد بکرێت و شێوەی

وەرگرتن دیاری بکرێت ، هەر لەبەرئەوە داهێنەرە رەسەن و بلیمەتەکان لە هەر بوارێکی مادی و مەعریفی دابن ، سوود لە ئەزموونی پێشین یان سەردەم وەردەگرن و نایشارنەوە کە کاریگەربوون بە کێ و کێ پاڵپشت و هاندەریان بوون .

دەکرێ دزی ئەدەبی بە چەند شێوازێ پیادە بکرێت ، لەوانە :

(( ١- لەبەر گرتنەوە یان داگیرکردن ، بریتیە لە وەرگرتنی وشە و واتا بەیەکەوە بە بێ گۆڕین و ئاڵ و گۆڕکردن ، یان بە ئاڵ و گۆڕکردنی هەموو وشەکان و گۆڕینیان بە هاوواتاکانیان ، ئەمەش لۆمەکراوە و تێڕوانینی خراپ لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە .

٢- شێواندن : بریتیە لە وەرگرتنی بەشێکی وشەکان ، یان گۆڕینی هەندێک لە وشەکانی دەقە ئەسڵییەکە .

٣- داماڵین : بریتیە لە وەرگرتنی تەنیا واتا بە شێوەی شارەزا و لێزانین )) [٣٤]

کەواتە لەسەردەمی ئێستادا و بە خێرایی گوزەرکردنی زانیاری و لە چاپدانی دەیان و سەدان بەرهەمی رۆژانە ، باڵادەستی پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانە جیاجیاکانی جیهانەوە ، پرۆسەی بەراوردی قورس و گران کردووە ، جیهانگیری میدیای کە بە شێوەیەکی ستوونی پەخش دەبێت و هیچ سانسۆر و تەلبەندێکی زەمینی رێی لێ ناگرێت ، دەرفەتی باش دەرەخسێنێ بۆ وەرگری بێ ئاماژە پێدان ، لەم گوندە شووشەییەدا هەموو تاک دەبێتە نووسەر و خوێنەر ، هەموو دەتوانێ نێرەر و وەرگربن ، کارتێکەر وکارتێکراو بن .

قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی کە بەشێک لە بەرنامە و ئەجندای سیاسەتی ئەمریکی جێ بەجێ دەکات هەر زوو جاڕی کۆتایی هاتنی ئەدەبی بەراوردی دا و پێی وابوو بەشێکە لە تیۆری ئەدەب یان رەخنەی ئەدەبی .

( رینیە ویلێک ) کەرابەرایەتی قوتابخانەی ئەمریکیە ، ساڵی ١٩٥٨ لە کۆنگرەی ( تشامبل هایل ) دا ، لە رێگای توێژینەوەیەکەوە بە ناوی ( قەیرانی ئەدەبی بەراوردکاری – أزمة الأدب المقارن ) لە کرۆکی ئەم توێژینەوەوە جاڕی کۆتایی سەردەمی قوتابخانەی فەرەنسی ئەدەبی بەراوردی داو رایگەیاند کە سەردەمێکی نوێ بەڕێوەیە کە قوتابخانەی ئەمریکی باڵی بەسەردادەگرێ ، ئەم بۆچوونانەی ( ویلێک ) دواتر جێی خۆیان لە ناو نەوەی نوێدا گرت و تەنانەت لە فەرەنساشدا کاریگەرییان هەبووە .[٣٥]

(( ئەم قوتابخانەیە ( ئەمریکی) پێیان وایە کە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و کەوتنە بەرکاریگەری کارێکی بێ ئەنجامە و پێویست ناکات خۆمانی پێوە خەریک بکەیت ، چونکە لێکنزیکی و لێکچوونی دوو ئەدەب مەرج نیە کاریگەری لە ئارادا بوو بێت ، بەڵکو پەیوەندی بەروانگەی ئیستێتیکی و جۆری روانینی نێوان نووسەرانەوە هەیە))[٣٦]

ئەمریکیەکان نەک هەرئەوە ، بەڵکو تا رادەیەک گومانیان خستە سەر بە زانست بوونی ئەدەبی بەراورد و هەموو ئەو رەنج و ماندووبوونەی قوتابخانەی فەرەنسی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دابووی هەوڵی بێ بایەخ کردنیان دا ، بۆ نموونە :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

( هاری لیڤن ) کە یەکێکە لە رابەرانی قوتابخانەی ئەمریکی دوای ( رینیە ویلێک ) دەڵێ (( ئەدەبــی بەراورد کــۆمەڵێ ســەرنج و بنەمــایە کە دەتــوانرێ لەنــاو گفتوگــۆی ئەدەب و سەرچاوەکانیدا سوودی لێ وەربگیرێت ، هەروەها ئەدەبی بەراورد هەڵوێستێکە یان باری سـەرنجێکە لە دەرەوەی زانسـت )) [٣٧] ، بەمەش هەوڵیانـدا لەو گرنگـی پـێ دان وخەرمـانە زانستییەی کە فەرەنسی وئەوروپییەکان بە ئەدەبی بەراوردیان دابوو ، ئەمان (ئەمریکیەکان) لە نرخ و بەهاکەی کەم بکەنەوە .

پێویستە لێرەدا بە شێوەیەکی خێرا ئاماژە بەو بنەمایانە بدەین کە ( رێنیە ویلێک و هاری لیڤن و هنری ریماک ) دایان رشتووە و کردوویانەتە مانیڤێستی قوتابخانەکەیان ، لە بەر ئەوەی دواتــر لەبەر رۆشــنایی ئەو بنەمایــانەدا ، هەوڵــی ئــاوابوونی ئەدەبــی بەراورد لە لایەن ئەمرکیەکانەوە نیشان بدەین .

١- جەختکردنەوە لەسەر زانستی تیۆری ئەدەب و پۆلێنکردنی ئەدەبی بەراورد لە ژێر ئەو ناوە و بابەتەدا .

٢- جەختکردنەوە لەسەر گرنگیدان بەپەیوەندی ئەدەب بە هونەرەکانی ترەوە جگە لە بــابەتە زمانەوانییەکــان ، پەیوەنــدی زانســتەمرۆڤایەتیەکان بەســەرجەم چــالاکی مــرۆڤەوە بە ئەدەبیشەوە و تێڕوانینێکی جیهانی بۆ ئەدەب و هونەر.

٣- توێژینەوە بکرێت لەسەر بزوتنەوە و مەزهەب و کلتور و داب و نەریتی میللەتان و بەراورد لە نێوانیانــدا ، نەک تەنیــا بەراورد لەگەڵ شــاکارەکانیاندا بەراورد بکرێــت وەک قوتابخانەی فەرەنسی کردبوویە بناغە و خاڵی مەبەست .[٣٨]

٤- رێنیە ویلێک دەڵێت (( دەقی ئەدەبی لە رەچەڵەک و ژینگە و مێژوو دادەبڕێت ، دوور لەوان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ، چونکە دەقی ئەدەبی پێکهاتەیەکی زیندووی ئۆرگانی سەربەخۆیە )) [٣٩]

٥- دژی ناوەنــدێتی بــوون لە ئەدەبــدا ، هەر لەبەر ئەوە فەرەنســیەکان دژی ئەم بۆچوونەی ( ویلێک ) بوون و دەیانووت (( ئەمە عەولەمەی ئەدەبە و کەسایەتی نەتەوەیی دەقە ئەدەبــیەکە فەرامــۆش دەکــات تــا گشــت رەچەڵەکەکــان خزمەتــی یەک رەچەڵەک بــکەن ، کە رەچەڵەکی ئەمریکیە .[٤٠]

فەرەنسیەکان و ئەوروپییەکان باشیان پێکابوو ، ئاراستە و دید و بۆچوونی ئەمریکیەکان دژ بە مێژوو و ئایدۆلۆژیابوون ، مێژووی نەتەوەکان لەبەر ئەوەی خۆیان نوێبوون و تێکەڵە بــوون لە کلتــور و فەرهەنگــی جیاجیــا تەنیــا لە ژێــر ناســنامەی ئەمریکــی و یاســاکانیدا کۆبووبــوونەوە ، هەروەهــا دژ بە ئایــدۆلۆژیای مارکســیزم بــوون کە قوتابخــانەی ســلاڤی – رووسی بانگەشەی بۆ دەکرد ، لەکاتێکدا خۆیان واتە ئەمریکیەکان لە ژێر پەردەی ئایدۆلۆژیای


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

سەرمایەداری دا کاردەکەن و دەیانەوێ بنەمای سیستمی خۆیان بەهێز و خواهشت بە سەر جیهاندا زاڵ بکەن .ئەو بانگەشە و دروشمانەی کەلەگەڵ جەنگی کەنداوی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ دەیانخستە بەرچاو گوێ کە جیهان بەرەو نەزمێکی نوێ دەبەن و دیموکراسی لەسەر شێوازی خۆیان لە جیهانی نوێدا پیادەدەکەن ، کە دیارە ئەمانە هەموو لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیاندا بووە .

لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئەمریکیدا ، چەندین تەوژم و بزوتنەوەی نوێ لەئەدەبدا سەری هەڵدا بە تایبەت لە ئەوروپا دا کە دەتوانین بڵێین هەموویان یان زۆربەیان لە خزمەتی قوتابخانەیئەمریکیدا بوون و دژ بە کاریگەری ژینگە و مێژوو و رەچەڵەک بوون ، جا بە مەبەست بووبێت یان بە نائاگایی .

(( دۆزینەوەی رووی لێکچوونی دەقەکان بەرەو سێ جەمسەری داهێنانی ئەدەبیمان دەبات ، ئەوانیش بریتین لە (نووسەر – دەق – خوێنەر ) کاریگەری نووسەران بەیەکتری و چوونەناو یەکی دەقەکان پرۆسەیەکی بەدوای یەکدا هاتووی رێکخراوە ، پەیوەندی بە ئاستی مەعریفی و ئەزموون و خوێندنەوەی نووسەرەوە هەیە ، نووسەر تا چەند پاشخانی مەعریفی و ئەدەبی دەوڵەمەند بێت ، رەنگدانەوەی لەسەر دەوڵەمەندبوونی جیهانبینی بەرهەمەکەی دەبێت))(٤١)

دڵشاد عەلی دەڵێت (( نووسەر پێش هەموو شتێک خوێنەرە ، کەم تا زۆر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرهەمە ئەدەبیەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی ، ئەو بەرهەمانە خۆماڵی بن یان بیانی ئەمەش دیاردەیەک نیە کە پەیوەندی بە کاتێکی تایبەتەوە هەبێت یا خود هاوملی کۆمەڵێک نووسەر بێت لە بەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو نەتەوەیەکدا ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت ، لە سنووری تایبەتی خۆیدا بە کارێکی رەوا لەقەڵەم دەدرێت )) (٤٢)

لە دوای ( قوتابخانەی ئەمریکی ئەدەبی بەراورد)ەوە یان راست بڵێین ( قوتابخانەی رەخنەی ئەمریکی) یەوە چەندین جۆر وتەوژمی ئەدەبی بۆ شیکردنەوەی دەق و بونیادە ناوکیەکانی دەرکەوت هەر لە ( بونیاد گەری و هەڵوەشاندنەوە و دەقئاوێزان ....هتد ) کە ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی تر لە دەقی ئەدەبیان دەڕوانی و شیکارین لە ناو جەستەی دەقدا ئەنجام ئەدا ، بۆ نموونە دەقئاوێزان ( التناص) وەک (( میتۆدێک لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا وەک بەرپەرچدانەوەیەک بەرامبەر بە میتۆدی بونیادگەری و خوێندنەوەی داخراوی دەق هاتە ئاراوە ، دژی هەموو ئەو تێڕوانین و شیکردنەوە و بۆچوونانە وەستایەوە کە پێیوابوو دەق بونیادێکی سەربەخۆ و داخراوە و تەنیا خودی خۆی بەس‌ە بۆ شرۆڤەکردنی و هەڵهێنجاندنی واتایی . دەقئاوێزان بابەتێکی نوێی رەخنەی جیهانیە گەلێک نووسەر تیۆریستان گفتوگۆ و بیر و بۆچوونی خۆیان لەسەر دەربڕیوە )) (٤٣)

ئەم میتۆدە هەوڵ ئەدات سنوورەکانی ئەدەبی بەراورد ببڕێت بێ ئاگایانە دەکەوێتە خزمەتی قوتابخانەی رەخنەی ئەمریکی یەوە ئەگەرچی بە شێوەیەکی پەنهای و سادەیی ئاماژە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ کاریگەری و کارتێکردن دەکات (التأثير و التأثر) ، بەڵام جیاوازی زمان و مێژوو و جوگرافیا و ژینگە دەسڕێتەوە و دەیەوێت ئەدەبی بەراورد و ئامانج و ئاراستەکانی بە شێوەیەکی تر بخاتە روو و لە پرنسیب و خاڵە هاوبەشەکانی دووری بخاتەوە ،خۆی وەک جێگر و هاوشانی بەراورد نیشان بدات ئەگەرچی بانگەوازی ئەو جێگرتنەوەیە ناکات ، ناکرێ دەقئاوێزان و ئەدەبی بەراورد بخەینە یەک ئاست و بەیەک پێوەر هەڵیانسەنگێنین ئەگەرچی چەند خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت ، دەکرێ لێرەدا خاڵی لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری وەک زانست و دەقئاوێزان وەک میتۆد بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە :

لە رووی لەیەکچوونەوە ، بەراورد و دەقئاوێزان هەردووکیان کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکەن ، هەردووکیان پرۆسەیەکی رەخنەیین ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازن لەوەی کە دەقئاوێزان تەنیا پشت بە دەق و پێکهاتەکەی ناوخۆی دەبەستێ ، بەڵام بەراورد دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەدەب ، دەقئاوێزان لەناو یەک زمان و یەک دەق و یەک شاعیردا ئەنجام ئەدرێت ، بەڵام بەراوردکاری بە شێوە زانستیەکی دەبێت لە نێوان دوو زمان یان دوو دەق و دو شاعیری جیاوازدا ئەنجام بدرێت . دەقئاوێزان پرۆسەیەکی خێرایە زیاتر بەسەلیقە و بیرتیژی رەخنەگر کاردەکات نەک سەرچاوە و بەڵگەی سەلمێنراو ، بەڵام ئەدەبی بەراورد کاری داوای سەرچاوەی بنەڕەتی و ناوەندی گەیاندن و جۆری کاریگەریەکە دەکات [٤٤]

جگە لەوەی لە رووی مێژوویشەوە دەبێ بەرهەمەکان ساغ بکرێنەوە کە یەکێکیان پێش ئەوی تریان بێت .

(میخائیل باختین ) پێی وایە کە هیچ دەربڕین و گوزارشتێ نیە پێشتر نەوترابێ و پەیوەندی بە واتای پێش خۆیەوە نەبێت ،کەواتە (( هەرچی وتراوە لەسەرەتای ژسانی مرۆڤایەتیەوە هەمووی لەسەر وتەی پێشووتری خۆی بونیادنراوە ، واتە هیچ دەربڕینێک نیە کە پەیوەندی جەوهەری تەواوی بە دەربڕینێکی ترەوە نەبێت ))[٤٥]

ئەم بۆچون و سەرنجانە بۆ دەقی ئەدەبی سەلماندنی ئەوەیە کە نەک ئەدەب بەڵکو ژیان خۆی بە هەموو ئاراستەکانیەوە لاسایی کردنەوی رابردوو و پێشین یان مۆدێلی هەڵس و کەوتی ئەوانی ترە .

ئەگەر لە ساڵانی شەست و دواتری سەدەی پێشوو بەم میتۆد و شەپۆلە مۆدێرن و تازەگەرییانە هەوڵدرابێت ئەدەبی بەراورد لە پەیامەکەی خاڵی بکرێتەوە ، ئەوا لە کۆتایی ئەو سەدەیە و سەرەتای ئەم هەزارەیەدا ، بە هۆی تەکنەلۆژیاوە و گەشەی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنەوە هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە ، (( جیهانی داهاتوو کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی زانیاری و کلیل نەدراوەکانە و جیهانی چاودێریکردنی تەواوی ژیانی رۆژانە و بینینی ژیانی ناوەوەی مرۆڤ ، واتە ونبوونی فەزای شەخسی))[٤٦]

لە کۆتاییدا ئەو مەبەستە دەخەینە روو کە ئەم توێژینەوەیە لە پێناویدا ئەنجام دراوە ، ئەوەش پاشەکشێ و لەقاڵب دانی ئەدەبی بەراوردکارییە کە لە ژێر هەژموونی تەکنەلۆژییای مۆدێرن و شۆڕشی زانیارییەکاندا ئەستەمە کاریگەری و کارتێکردن و سەرچاوەکانیان


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بدۆزینەوە ،ئەمڕۆ لێشاوی زانیاری و نزیک بوونەوەی کەلتور و مۆدێل و شێوازی ژیان لە نێوان نەتەوە جیاکاندا جۆرێک لە کاریگەری بێئاگایی دروست کردووە کە ئەستەمە کاریگەری گەشەی ئەدەبی بدۆزینەوە ، لە ئێستادا دزین و وەرگرتن و بە خۆماڵی کردنی رەنج و ماندووبوون و شەونخونی کەسانی تر بە سانایی تێپەڕ دەبێت و خاوەنە رەسەنەکەی نادۆزرێتەوە . ئەم حاڵەتە تەنیا لە ئەدەبدا نیە ، بەڵکو هەموو هونەرەجوانەکان و ژیانی گرتۆتەوە ، گەرچی لە بازنەی توێژینەوەی زانستی دا بەرنامەی پێشکەوتوو هەیە کە دەتوانێ ئەو وشە و رستە و دارشتنانەی لە توێژەر وەریگرتووە و ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەداوە ، دەربخات و هۆشیاری بداتێ ، بەڵام ئایا هەموو توێژینەوەیەک بەم فیلتەرەدا دەڕوات ، یان ئەگەر لە هەموو بەش و سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی دا ئەم بەرنامەیە بۆ مەحەکی توێژینەوەی رەسەن و وەرگیراوەکان دابنرێت ، کێشەی وەرگرتنی بیرۆکە چۆن چارەسەر دەکرێت ، کە زۆر جار وەرگر بە وریایی و زۆر زانییەوە تەنیا بیرۆکەی بابەتەکە وەردەگرێت ، دواتر بە شێوازی خۆی پەردەپۆشی دەکات [٤٧]

ئەدەبی بەراورد بەدەر لە ئاراستەی خۆبەزلزانین و دەمارگیرییە نەتەوەییەکەی کە قوتابخانەی فەرەنسی تەقلیدی گرنگی پێ دەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا لای لە ئەدەبی میللەتانی تر دەکردەوە کە بتوانن داهێنەر و رەمزەکانیان لەگەڵ دەوروبەر و جیهاندا بەراورد بکەن و شانازی پێوە بکەن وەئەو بەهرانە لە بازنەی نەتەوەیی بەرنەدەرەوە بەرەو بازنەی نێودەوڵەتی ، بەڵام وەک ئاماژەمان پێدا ، قوتابخانەی ئەمریکی و دواتر میتۆدەکانی تر کە لە سەر دەق کاردەکەن ، بەگشتی هەوڵی دابڕانی مێژوو و ژینگە و ناسنامەی داهێنەر لە بەرهەمەکەی و بەمەش گورزێکی کوشندە لە ئێستا و ئایندەی بەراوردکاری دەدەن .

(فوئاد مەجید میسری )، بە باشی ئەو راستییەی دەرخستووە کە هەژموونی سەرمایەداری دروشم و کرداری یەک ناگرنەوە و هەموو کەرەسە و ئامێرە مۆدێرنەکانی لە خزمەت بەرژەوەندی و پاوان خوازی خۆیاندایە ((تەکنەلۆژییای سەردەم وەک چۆن بەشێکی گەورەی بۆتە ئامێری جەنگ و سەرکوتکردن ، بەشێکیشی ئامرازی چەواشەکردنی بیروڕای خەڵک و شێواندنی کلتوور و رۆشنبیری گەلانە ، ئەوەتا زۆربەی رۆشنبیرانی ئەمڕۆ لە ژێر کاریگەری رەسمی و نیمچە رەسمی دا بوونەتە بانگبێژی ئەو سیاسەتانە و بە هەموو تواناوە برەویان پێدەدەن )) [٤٨]

هەر لە بەر رۆشنایی ئەم راستیەدا بەشێک لە کەسە ئەکادیمیەکان برەو بەو میتۆد و تەوژمە ئەدەبیانە دەدەن کە لە بنەچەدا دژ بە ئەدەبی بەراوردکارین و خوێندکار بە ئاگایی یان بە نائاگایی بەو ئاراستەیەدا دەبەن کە لە ئەنجامدا سوود بە ئەدەبی نەتەوەیی ناگەیەنێ و دەق لە بازنەیەکی داخراوی شیکاریدا گیردەدات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پەراوێز و سەرچاوە :**

١- بڕوانە:عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،١٩٧٨، ل ٦٢ تا ٨٦ .
٢- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ١٩٧٨ ، ل ٢٦ .
٣- عەزیز گەردی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٥ .
٤- عزالدين المناصرة ، مقدمة في نظرية المقارنة ، ط ١ ، عمان ١٩٨٨ ، ص ٤٤ .
٥- لە بارەی ساڵی ئەوکارە زانستیەی ( ڤیلمان) ەوە ، عەزیزگەردی ، ساڵی ١٨٢٧ ی دیاریکردووە ، بەڵام عزالدين المناصرة ساڵی ١٨٢٨ دیاری دەکات . بڕوانە : عەزیز گەردی ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣ ، عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩ .
٦- عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٥ .
٧- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠.
٨- د.هەڤال ابوبکر حسین ، کۆرس بووک – خوێندنەوە ئەدەبی بەراورد بۆ خوێندکارانی قۆناغی چوارەم ، بەشی زمانی کوردی ، ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ ، ل ٩ .
٩- ئەنوەر قادر محمد ، پرنسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد ، ( وەرگێڕان لە ڕووسیەوە)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی ، ساڵی ٢٠١١ ، ل ٩٧ .
١٠- هەر ئەو سەرچاوە و لاپەڕەیە .
١١- بێستون عارف عزیز ، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا٢٠٠٠ -٢٠١٢، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان ، بەشی کودری ٢٠١٤ ، ل ٦ .
١٢- ویکیپیدیا ، الموسوعة الحرة ar.wikipedia.org.
١٣- عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦،٧ .
١٤- بێستون عارف عزیز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦ .
١٥- بڕوانە : عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٢ .
١٦- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە راوبۆچوونی ( رێنیە ویلێک ) بڕوانە : عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤ ، ١٥ .
١٧- بڕوانە بەشێکی زۆرلە سەرچاوە عەرەبی و کوردیەکان کە باس لە قوتابخانەی ئەدەبی بەراورد دەکەن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٨- بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : ١- عزالدين المناصرة ، سەرچاوەی پێشوو. ٢- ئەنوەر قادر محمد ، سەرچاوەی پێشوو. ٣- د.کومال مەعروف ،زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ٢٠٠٨.

١٩- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ( الادراک الشعوری) بڕوانە : ar.wikipedia.org

٢٠- دکتۆره جيهان احمد رشتي،الاسس العلمية لنظريات الإعلام ، قاهرة ، ط ٢ مارس ١٩٧٨ ، ص ٣٧٤ .

٢١- بڕوانەی سەرچاوەی پێشوو .

٢٢- ئاراس فەتاح ، ئینتەرنێت و گۆڕانی کۆمەڵگا ، گۆڤاری رەهەند ، ژ ١٤،١٥ ، ساڵی ٢٠٠٣ ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، ل ١٨ .

٢٣- سەرچاوەی پێشوو .

٢٤- ئازاد حەمە ، چاخی زانیاری دەروازەیەک بۆ مانۆوێل کاستیلس ، گەشەی کۆمەڵگەی نێتۆرک ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٤ ، ل ٤٩ .

٢٥- حسن لطيف كاظم الزبيدي ، العولمة و مستقبل الدور الإقتصادي للدولة في العالم الثالث ، دارالكتاب الجامعي الامارات العربية المتحدة ، ط ٢ ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣١ .

٢٦- هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٤ هەروەها بڕوانە : محمد عابد الحامدي ، العولمة الهوية الثقافية ، مجلة المستقبل العربي ، العدد ٢٢٨ شباط ١٩٨٩ .

٢٧- جیهانیگری میدیا ، ئامادە کردنی محمد عەبدوڵلاکەلاری ، چاپخانەی خانی - دهۆک ٢٠٠٩ ، ل ١١ .

٢٨- بڕوانە : الدكتور مؤيد عبدالجبار الحديثي ، العولمة الاعلامية ، الاهلية للنشر ، عمان – أدرن ، ٢٠٠٢ ، ص ٦٨ .

٢٩- فوئاد مەجید میسری،جیهانگیری،چاپی سێیەم،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٣ ، ل ٦.

٣٠- بڕوانە : الدكتور مؤيد عبدالجبار الحديثي ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٤.

٣١- بەختیار عەلی ، وەڵام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا ، سیازدە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیارعەلی ، چ ١ ، چاپخانەی قانیع ، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٥٧ .

٣٢- عەزیز گەردی ، ئەدەبی بەراوردکاری ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێجی ئاداب ، بەشی کوردی لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لە چاپدراوە ، هەولێر ١٩٧٨ ، ل ٣، ٤ .

٣٣- بێستون عارف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥ .

٣٤- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣٥- بڕوانە : صلاح السروی ، الادب المقارن من العالمية الى العولمة ، سایتی المصریات (masreiat.com ) ،ساڵی ٢٠١٦ .

٣٦- بێستوون عارف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦ .

٣٧- بڕوانە : صلاح السروی ، سەرچاوەی پێشوو .

٣٨- سەرچاوەی پێشوو .

٣٩- د.هەڤال ابوبکر حسین ، کۆرس بووک – خوێندنەوە ئەدەبی بەراورد بۆ خوێندکارانی قۆناغی چوارەم ، بەشی زمانی کوردی ، ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ ، ل ٩ .

٤٠- سەرچاوەی پێشوو .

٤١- بێستوون عارف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨ .

٤٢- دڵشاد عەلی ، دیلان شاعیر و ئازادیخواز ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، دەستەی نووسەران ، بەغدا ١٩٨١ ، ل ٦٨ .

٤٣- بێستوون عارف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩ .

٤٤- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جیاوازی دەقئاوێزان و ئەدەبی بەراورد ، بڕوانە : ئاوارە فەرەیدون قادر ، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی ( ئەنوەر قادر محمد ) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان ، ٢٠١١ .

٤٥- عبدالقادر محمد امین ، دەقئاوێزی لە شیعری کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B ، ژمارە ٨ ، ساڵی ٢٠٠١ ، ل ١٤٧ .

٤٦- ئاراس فەتاح گۆڤاری رەهەند ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥ .

٤٧- بۆ ئەم خاڵە سەرنج راکێشە سوودمان لە تێبینی بەڕێزان پ.د.دڵشاد عەلی – پ.ی.د.کاروان عمر – پ.ی.د.ئاڤێستا کمال وەرگرت کە لە سمیناری رۆژی ٢٠١٨/٢/٢٢ ئاراستەی هەردوو توێژینەوەیان کرد .

٤٨- فوئاد مەجید میسری ، جیهانگیری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨١ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث**

الأدب المقارن كعلم حديث و معاصر يرجع تأريخه العلمي إلى أواسط القرن التاسع عشر في فرنسا و بالتحديد في جامعة سوربون في باريس ، بعد ذلك أصبحت مدرسة باريس للأدب المقارن أساسا للمدارس المقارنة مثل ( الروسي – السلافي ، الأمريكي ) .

هذا البحث محاولة علمية نحو إبراز مستقبل الأدب المقارن و لاسيما التأثير و التأثر و اللذان أصبحا قليلي الظهور في الساحة النقدية ، ومن الصعوبة على الباحث المقارن أن يحدد عناصر الأدب المقارن كالـ (المرسل و المصادر و المنابع و المرسل إليه ) ، مع أن التكنولوجيا الحالية قد أوجدت برامج حديثة و التي تتمكن من لاوصول اليها بسهولة ، حيث تأخذ و تستفاد من المصادر دون الرجوع أو الإشارة إليها ، و النقطة المهمة التي يمكن الإشارة اليها هي أن هذه البرامج تستعمل في جميع الجامعات و المعاهد و لاسيما في اقليم كردستان و العراق ، ومسألة أخذ و نقل الأفكار و الآراء و المفاهيم بقيت على حالها .

و قد استفاد البحث من عدة مصادر حديثة و التي تتعلق بموضوع الدراسة ، وتبرهن آراء و توجهات الباحثين في هذا المجال .

**Abstract**

As a contemporary science, the comparative literature appears in the first half of the nineteenth century in France at Sorbonne University in France. Later, the France comparative literature school becomes a foundation of all comparative schools in Russian/Slavic and American.

This paper is a scientific attempt for the exploration of the future of comparative literature particularly after the development of technology and information revolution where the factors of being influenced and being an influence have been decreased. The comparative researcher finds it difficult to identify the comparative elements including (the sender, the source, the medium, the channel and the receiver). Even though that this technology creates a new program for its capability to discover plagiarism and the use of a number of resources by certain researchers without referring to the original researchers in their writings, there is still an important point that worth mentioning that this program is not generally used in all universities over the world and in particular in Kurdistan Region and Iraq. In addition, the citation of thoughts and ideas from other resources remains unsolvable.  Apart from this, for this paper, various recent resources that are unique for research have been beneficial for the entire study.